# کولتووری دێرینی کوردی مانیزم (ئایینی مانی) (٢١٦ - ٢٧٦) ی زایینی

هەیاس کاکەیی

هەڵبەتە بەدرێژایی مێژوو هەر بیروباوەڕێک لە هەر کۆمەڵگایەکدا، یان لەنێو هەر نەتەوەیەکدا سەری هەڵدابێ، لایەنگران و باوەڕپێکراوان و دواکەوتووانی هەوڵیان داوە ئەوەی پێشووتر وەلاوە بنێن، بەڵکو ڕیشەکێشی بکەن.

میللەتی کورد کە هەزاران ساڵە بەدرێژایی مێژوو لە ناوچەکەدا خاوەن شارستانییەت بووە، دابونەریت و کولتووری دێرینی تایبەت بەخۆی هەبووە و کاریگەریی لەسەر دەوروبەری خۆیشی هەبووە، ڕەگوڕیشەی لەناو ناخی کوردا داکوتاوە، ئەگەر تووشی گرفت و تەنگوچەڵەمە و داگیرکردنیش بووبێ، زۆرجار لەو بارانەدا هەوڵی جۆراوجۆر دراوە شارستانییەت و دابونەریت و کولتووری لەناو کۆمەڵگای خۆیدا ناشیرین و قێزەون بکەن و لەبیری تاکی کوردی ببەنەوە، بەڵام ڕەسەنیی کولتوور و دابونەریت لەنێو ناخی تاکی کورددا خۆڕاگر بووە، دوور، یان نزیک، یان بە شێوەی گرووپی جۆراوجۆر تا ئەو سەردەمەش و لەهەموو زەمان و چەرخێکدا کولتوور و دابونەریتی خۆی پاراستووە، ئەگەرچی هەندێک گۆڕانکاریشی بەسەردا هاتبێ، ئەگەر بەوردی لێی بکۆڵینەوە بەئاگایی، یان بێ ئاگایی تاکی کورد زۆر لە بنەماکانی کولتووری دێرینی پاراستووە.

لەو کولتوورە دێرینەی لەم بابەتە باس دەکەین (مانی و مانیزم) کە بەدرێژەدەر و پەرەپێدەری ئایینی میترائیزم بووە، ئەگەرچی کاریگەریی ئایینی زەردەشتی، یان ئایینەکانی تری ئەو سەردەمەی لەسەر هەبووە، دەرکەوتنی مانی لەکۆتایی دەسەڵاتی ئەشکانییەکان بووە و باوکی لە بنەماڵەیەکی دیار و دەوڵەمەندی ئەشکانییەکان بووە، هەروا دایکیشی، کە ئەو کاتە ئایینی فەرمیی ئەشکانییەکان میترائیزم بووە،



**زەردەشت**

دەرکەوتنی مانی کەوتە سەرەتای دەرکەوتنی دەسەڵاتی ساسانییەکانیش کە ئەوان ئایینی فەرمییان زەردەشتی بووە، زۆرجار لەژێر دەسەڵاتی ساسانییەکان میترایی و مانەوییەکان تووشی گرفتی جۆراوجۆر بوونە، بەڵکو گەیشتووەتە ڕادەی کۆمەڵکوژی و لەناوبردن، بۆیە ناچار بوونە وەک بزووتنەوەیەکی فەلسەفی و نهێنی ئایینەکەیان پیادە بکەن، هەڵبەتە لەلایەن نەیارانیشیانەوە زۆر ناو و ناتۆرە و تۆمەتی زۆریان پێدا هەڵبەستراوە کە ڕاست نەبووە.

مانی یەکێکە لە هەڵکەوتووان و دەرکەوتووی ئەو سەردەمە، وەک درێژە پێدەر و پەرەپێدەری ئایینی میترائیزم، بەڵام دکتۆر جەمال نەبەز دەڵێت: ئایینی مانی لەسەر بنچینەی میترائیزم و مەزدائیزم (زەردەشتی) دامەزراوە، هەندێک ڕەگەزی بوودایی و دیانیشی لەخۆگرتووە، واتە ئایینی مانی سەرەڕای ئەوەی لێکەرەوەی ئایینی میترائییە، بەڵام کاریگەریی ئایینەکانی دەوروبەری لەسەر بووە.

ئایینی میترائی کۆنترین ئایینی کوردیی سەرزەمینە و یەکتاپەرست و یەزدان پەرست بووە، کاریگەریی لەسەر ئایینەکانی دەوروبەر هەبووە، کە مێژووی دەرکەوتنی میترا و میترائیزم بۆ (٣٠٠٠ - ٦٠٠٠) ساڵ پێش زایین دەگەڕێتەوە، بەڕای هەندێک بۆ دوورتریش دەڕوات.

بەپێی هەندێک سەرچاوە ئایینی زەردەشتی لەنێو دڵی میترائیزم دەرکەوتووە، یان جیابووەتەوە، وەک چەرخێکی پەرەپێدەری ئایینەکە، چونکە زەردەشت نەیتوانیوە یەکسەر خۆی لە ئایینی میترائی داپچڕێنێ، چ لەلایەن بیروباوەڕ و ڕێورەسم، یان لەدەست هەڵگرتن لە هاوەڵانی میترائی، بۆیە میترا و هاوەڵانی هێناوەتەوە ڕیزی فریشتەکانی خۆی و پایە و پلەی تایبەتی پێداون.

مانی کوڕی (پەتیکە)، سەید حەسەن تەقیزادە دەڵێت: (٢) ناوی باوکی پەتیکە و ناوی دایکی (نوشیت - یوسیت)، باوکی خەڵکی هەمەدانە و لە شازادەکانی ئەشکانییەکان بووە و دایکیشی هەر ئەشکانی بووە (٣)، کەچی سەید حەسەن تەقیزادە لەسەر زاری (محمد اسحاق الندیم) دەڵێت(٤): مانی کوڕی فتق بن ئەبی برزامە.

نووسەری کتێبی (ادیان الفرس الکبری) دەڵێت (٥): مانی کوڕی فاتک کوڕی بابک ئەبی بەرزامە.

مانی لە مانگی نیسانی ساڵی ٢١٦ی زایینی لە باشووری بابل(٦) لەگوندی مەردینوی نزیک ڕووباری بچووک(٧) لەدایک بووە، محەمەد ئەمین دەڵێت: مانی بابلی بووە لە تەیسەفوون (مەدائین) لەگەڕەکی شوشانی ساڵی٢٤٠ی زایینی لەدایک بووە و لەسەر زاری مارونی دەڵێت: لە٢١٥ ی زایینی لەدایک بووە.

وەک گەنجێکی میترائی پەروەردەی نێو خێزانێکی میترائی ئایین بووە، لە نزیک شاری کووت کە ئێستا یەکێکە لە پارێزگاکانی ئێراق، باوکی خەڵکی هەمەدان بووە و چووەتە بابل و تەیسەفوون نیشتەجێ بووە.

مانی لەتەمەنی ١٢ساڵیدا سرووشی بۆ هاتووە، واتە لەساڵی ٢٢٨ی زایینی و لە کۆتایی مانگی ئەیلوول وەک مانی خۆی دەڵێت (٩) فریشتەیەک بەناوی(تەوم)، یان (تەویم) بۆی هاتووەتە خوارەوە و پەیامی داوە کە ئامادە بێت بۆ ڕاگەیاندن و بڵاوکردنەوەی(١٠) دەستوورەکانی خودا، عەبدولڕەحیم ماردینی ناوی فریشتەکە بە (ئولوم) ناودەبات، ئەو سرووشەی بۆی هاتووە پاش دوو ساڵ لە دەسەڵاتی ئەردەشێری بابکی ساسانی بووە، لەتەمەنی ٢٤ساڵیدا جارێکی تر ئەو فریشتەیە هاتووەتە خوارەوە و پێی ڕاگەیاندووەو خۆی پیشان داوە (١١).

حەسەن تەقیزادە دەڵێت(١٢): ئەردەشێری ساسانی

لەسەرەتای ٢٢٧ی زایینیدا هاتووەتە سەرتەختی پاشایەتی، واتە مانی لەکۆتایی ساڵی ٢٢٨ی زایینی یەکەم سرووشی بۆ هاتووە و لەساڵی ٢٤٠ی بۆ جاری دووەم سرووشی بۆ هاتووەتە خوارەوە.

مانی وەک کەریم زەند لە زمانی فیردەوسییەوە نووسیویەتی و دەڵێت(١٣): مانی نەخشەکێشێکی (نەقاش باشی) بێ وێنە بووە، زۆر لە هونەری مانی لە ئەشکەوت و ئاسەوارەکاندا دۆزراوەتەوە، هەروەها پێدەچێت خوێندەوارییەکی باشی هەبووبێت، چونکە وەک سەید حەسەن تەقیزادە دەڵێت (١٤): مانی بیروباوەڕ و مەراسیمی ئایینەکەی لە حەوت کتێبدا نووسیوەتەوە، وێڕای نامەکانی کە (٧٦) نامەبوون.

## بڵاوبوونەوەی پەیامی ئایینی مانی

پاش دابەزینی سرووش مانی بۆ بیروباوەڕی ئایینەکەی دەستی بە پڕوپاگەندە کردووە، سەرەتا خەڵکی وڵاتەکەی خۆی بانگهێشت کردووە بۆ سەر ئایینەکەی و هەندێک لایەنگری پەیداکردووە، بەڵام (ئەردەشێری بابک)ی ساسانی فەرمانی بۆ دەرکرد کە لەپایتەخت دوور بکەوێتەوە، چونکە ئەردەشێر لەسەر ئایینی باپیرە گەورەی ساسان گەورە موغی زەردەشتی بووە.

ئایینی فەرمیی دەوڵەتی ساسانییەکانیش زەردەشتی بووە، مانی هەست بەنارەحەتی دەکات و نەیارانی دژایەتیی دەکەن، بۆیە گەشتێک دەکات بۆ هیندستان، کەچی سەید حەسەن تەقیزادە دەڵێت (١٥): لەبەر چەند هۆیەکی نادیار گەشتی کرد بۆ هیندستان، لەلایەکی دیکەشەوە دەڵێت: ئەردەشێر فەرمانی دەرکردووە کە لە پایتەخت دوور بکەوێتەوە.

هۆی سەرەکی دوورکەوتنەوەی و دژایەتیکردنی ئایینی فەرمیی ساسانییەکان زەردەشتی بوو، لەوە دەترسان لایەنگری زۆربێ و گرفتیان بۆ دروست بێت، یان ببێتە جێگرەوەی ئایینی زەردەشتی.

پاش مردنی ئەردەشێر شاپووری کوڕی بووە جێنشینی، مانی لەسەر داوای شاپوور بۆ وڵات دەگەڕێتەوە، لە هیندستانەوە بۆ وڵاتی خۆی دەکەوێتە ڕێ و دەگاتە بابل و میسان و خوزستان، پاشان دەگاتە لای شاپوور شا.

سەید حەسەن تەقیزادە دەڵێت(١٦): لە ڕۆژی یەکشەممەی مانگی نیسان، ڕۆژی ڕێوڕەسمی دانیشتنی شاپوور لەسەر تەختی شاهەنشاهی، مانی لەگەڵ باوکی(پیتەک) و دوان لەلایەنگرانی بەناوی(زگڤا) و (شەمعوون) ئامادەبوون، لەوێ پەیامبەریی خۆی ڕاگەیاند، هەروەها لەسەری دەڕوات و دەڵێت(١٧): مانی ماوەیەکی زۆر لەگەڵ شاپوورشا بوو لە شەڕ و گەشتەکانیدا بەشدار بووە، ئاماژە بە کتێبی (کڤالایا)ی مانییەکان دەکات کە مانی تێیدا باسی ئەوە دەکات شاپوورشا ڕێزی گرتووە و ڕێگای پێ داوە لەوڵاتی ئێران تا ڕۆم پڕوپاگەندە بۆ ئایینەکەی بکات کە لەرێیی خۆی و نوێنەرەکانییەوە بووە لە ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا، هەروەها لەرۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکووری ئافریکا، ئەمەش وا دەگەیەنێ کە شاپوورشا باوەڕی بەبیروڕای ئایینی مانی هەبووە و دۆستایەتیی باشی لەگەڵ مانی هەبووە.

محەمەد ئەمین دەڵێت(١٨) لەساڵی ٢٤٢ی زایینی و لەسەردەمی حوکمڕانیی شاپوور کوڕی ئەردەشێری ساسانی بوو کە ئایینی مانی دەرکەوت و (١٣) ساڵ بەردەوام بوو، پاش ئەو سێزدە ساڵە شاپوورشا لەسەر ئایینی مانی هەڵگەڕاوەتەوە، هەروەک (جیمس بەنگهام) دەڵێت (١٩): مانی هەڵهات بۆ هیندستان تا شاپوور مرد، پاشان گەڕایەوە، ئەم وتەی بنگهامە پێچەوانەی قسەکەی محەمەد ئەمین و سەید حەسەن تەقیزادەیە، لەوانەیە مەبەستی ئەردەشێر بووبێت کە لێی تێکچووە.

مانی وەک تەقیزادە دەڵێت(٢٠): ئاشنایی لەگەڵ کوڕەکانی ئەردەشێر بەرپا کردبوو، فەیرۆز فەرماندەی خۆراسان و میهر شا والی میسان بووبوونە لایەنگری مانی، فەیرۆزشا ئایینی مانیی لە خۆراسان بڵاو کردەوە تا گەیشتبووە سنووری قەندەهار و سند.

هەروەها سەید حەسەن تەقیزادە دەڵێت: پاش مردنی شاپوور هورمزد بووەتە جێنشینی و ڕێزی لە مانی و ئایینەکەی گرتووە و دژایەتیی نەکردووە و لە سەردەمانی ئەودا لە بابل ماوەتەوە، دکتۆر ڕەشاد میران (٢١) پشتگیری وتەی تەقیزادە دەکات، پاشان بەهرام بووەتە جێنشینی هورمزد و بەهاندانی مووبەدەکانی زەردەشتی بەهرام ڕای لەسەر مانی نەبووە، مانی بابلی بەجێ هێشتووە و چووە بۆ ئەهواز هەروەک تەقیزادە دەڵێت(٢٢): لە ئەهوازەوە بەرەو خۆراسان چووە، ڕێگریی لێ کراوە و ڕۆیشتووەتە شووش و میسان و تەیسەفوون تا گەیشتووەتە ناوچەیەک بە ناوی(پرگلیا)



**د. ڕەشاد میران**

نزیک رووباری دیاله، لەوێ فەرمانی پێ درا بڕوات بۆلای بەهرام شا، هەروەها دەڵێت: کە گەیشتە لای بەهرام زیندانی کرا، پاشان لەسێدارە درا و سووکایەتییان پێ کرد، ئەم وتەیەی تەقیزادە محەمەد ئەمین پشتگیریی دەکات و دەڵێت(٢٣): بەهرام کوڕی شاپووری ساسانی مانیی کوشت و ئایینەکەی لەناوبرد.

دکتۆر ڕەشاد میران دەڵێت(٢٤): ئایینی مانی لەژێر گوشاری مەزدائیزم (زەردەشتی) گۆڕاوە بۆ بزووتنەوەیەکی ئایینیی نهێنی، کە محەمەد ئەمینیش لەسەر هەمان ڕایە و دەڵێت(٢٥): پاش ئیسلامیش زۆر کەس بە نهێنی لەسەر ئایینی مانەوی مابوونەوە، کە لایەنگرانی لە ئاسیا و ئەوروپا زۆربوون.

ولیەم لانجەر دەڵێت(٢٦): (یەزدگردی کوڕی بەهرام)ی چوارەم بۆ ئەوەی سەرکەوتن بەدەست بێنێ کەوتە چەوساندنەوەی مانییەکان، بەڵام ئەیووب ڕۆستەم دەڵێت(٢٧): ساسانییەکان لەگەڵ ئەو هەموو دەسەڵاتەی هەیانبووە بوونە هۆی لەناوچوونی شوێنەواری ئەشکانییەکان کە ئایینەکەیان میترائی بوو، نەیانتوانی بەتەواوی لەناوی ببەن.

هەروا تۆفیق وەهبی بەگ دەڵێت(٢٨): ساسانییەکان کە ئایینی زەردەشتیان کردە ئایینی فەرمی لە وڵات ناچاربوون شەڕی ئایینەکانی تری ئێران بکەن، هەڵبەتە تا هاتنی لەشکری عەرەب و هێنانی ئیسلام بۆ ناوچەکە و بۆ سەر ساسانییەکان ئەوان یەک لەدوای یەک پاشاکانیان بەهاندانی موغە زەردەشتییەکان و نەیارانی مانییەکان دژایەتییان کردوون تا گەیشتووەتە ڕادەی کۆمەڵکوژی و لەداردان و دوورخستنەوەی لایەنگرانی مانی.

پیاوە ئایینییەکان و جێنشینانی مانی توانیویانە بەشێوەیەکی نهێنی ئایینەکە بپارێزن، تەنانەت پاش مردنی مانی لە ساڵی ٢٧٦ی زایینی مانییەکان بۆ یادەوەریی ڕۆژی کۆچی دوایی مانی هەموو ساڵێک جەژنێکیان بەناوی جەژنی (بلیما) لە مانگی ئازار گێڕاوە، هەروەها دەڵێت: مانییەکان وەنەبێ هەر لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست تووشی کۆمەڵکوژی و ڕاوەدوونان هاتبن، لەڕۆژئاواش هەمان گرفتیان تووش بووە، تەقیزادە دەڵێت(٢٩): لەساڵی ٣١٦ی زایینی یاسای کۆستەنتین لە دژی مانی نووسرا، ئەوانەی پاش ئەویش هاتوون و دەستەڵاتیان وەرگرتووە لە وڵاتی ڕۆم و ئەوروپا تا ساڵی ٥٢٠ی زایینی کەوتوونەتە گیان مانییەکان بەلەناوبردنیان.

ئیڤانۆف دەڵێت(٣٠): ئەو ئایینانەی لەدوای میترائیزم پەیدابوونە وەک (زەردەشتی، مانەوی، مەزدەکی...تاد) میترائیزم کاریگەریی و ڕۆڵی تێدا بینیوە.

وەنەبێ ئایینی مانی هەر لە لایەن ساسانییەکان و ڕۆژئاواییەکانەوە گوشاریان خرابێتە سەر، لە ڕۆژهەڵاتەوە چینییەکانیش هێرشیان کردووەتە سەر ئایینی مانی و لەکۆتاییدا بووە بە ئایینێکی نهێنی، ئایینی مانی پاش هاتنی ئیسلامیش بەنهێنی بەردەوامیی هەبووە کە لەسەردەمی خەلیفەی ئەمەوی وەلیدی دووەم بووەتە لایەنگری ئایینی مانی و دواتر لە سەردەمی خەلیفەی عەباسی (مەهدی) هێرش کرایە سەریان و سەرکوت کران و بەزەندیق ناوزەدکران، واتە پەیڕەوکەرانی کتێبی زەند بەواتای خوانەناس لەلای موسوڵمانەکان دانراون.

بڵاوبوونەوەی ئایینی مانی لەو ناوچانەی پێشوو کە باس کران هەمان ئەو ناوچانەن کە ئایینی میترائیی تێدا بەربڵاوبووبووەوە، بۆیە نووسەر دەڵێت(٣١): لە ڕۆژهەڵات، لە چین ئایینی مانی بووە ئایینی فەرمی (ئویغۆر) و (مەغۆلستان) و نەتەوەی (تۆغوز و زغوز) لەساڵی ٧٤٣ی زایینی کە بەهێزترین نەتەوەی تورک بوون

و خاوەنی وڵاتی کۆشان بوون، لەنێوان خۆراسان و چین، ئەوان لەسەر ئایینی مانەوی بوون.

ئەگەر مانی لە ساڵەکانی (٢٢٨ و ٢٤٠)ی زایینی سرووشی بۆ هاتبێ و پاش ئەو سەردەمانە ئایینەکەی بڵاوبووبێتەوە، ئەوە دەگەیەنێت ئایینی میترائی لە ساڵی ٤٣ی زایینی باوبووە و ئەو نەتەوانەی چین و مەغۆلستان میترائی بوونە، مانی درێژە پێدەر و پەرەسەندنی ئایینی میترائی بووە، بۆیە زۆر جیاوازی لەنێوانیان ناکرێ، بەتایبەت ئەگەر باس لە نەمان و لەناوبردنی ئایینی میترائی بکرێت، هەرهەمان ڕێگایە بۆ نەمانی ئایینی مانی لە ئەوروپا لەلایەن کۆستەنتینەوە، ئەوانەی پاش ئەویش هەر هەمان کاریان کردووە کە بەتەواوی پاش (٥٠٠) پێنج سەد ساڵ لە ئەوروپا کۆتایی بەئایینی میترایی هاتووە، نووسەران هەر هەمان ئەو ڕووداوە بۆ نەمانی ئایینی مانی دەگێڕنەوە، ئەمەش بەڵگەیە بۆ ئەوەی لەسەر هەمان ئایین بوونە، بە وتەی جەمال نەبەزیش بەڵگەی تەواوە کە دەڵێت(٣٢): ئایینی مانی لەسەر بنچینەی ئایینی میترائیزم و مەزدائیزم دامەزراوە.

بەتوانایی و دانایی مانی بۆ بڵاوکردنەوەی ئایینەکەی لەوەدا دەردەکەوێ کە بۆ هەر میللەت و نەتەوەیەک کتێبەکانی وەرگێڕاونەتە سەر زمانی ئەو نەتەوە و میللەتانە تا بە ئاسانی لێی تێ بگەن و وەری بگرن، بۆیە ئەو کارەی یارمەتیدەر بووە بۆ ئەوەی ئایینەکە بە هەموو ناوچەکاندا بە ئاسانی بڵاوببێتەوە.

## بیروباوەڕی ئایینی مانی

مانی هەرچەند لە کۆتایی دەسەڵاتی ئەشکانییەکان دەرکەوتووە، بەڵام لەنێو خێزانێکی ئەشکانی پەروەردەبووە کە لەسەر ئایینی میترائی بوونە، شتێکی سروشتییە کاریگەریی ئایینی میترائی لەسەر ناخی هەبێت، ئەگەر دەرکەوتنی ئایینەکەشی وەک پەرەپێدەری ئایینی میترائی هەژمار بکرێت، بەڵام دەتوانین بڵێین درێژە پێدەر و پەرەسەندوویی ئایینی میترائی بووە.

سەید حەسەن تەقیزادە دەڵێت(٣٣): مانی کەوتووەتە ژێر کاریگەریی فەلسەفەی یۆنانی و عەقیدەی ڕۆژهەڵاتی و هیلێزم (واتە فەلسەفەی یۆنانی ئیشراقی) و بیروڕای سەرەکی شاخەکانی دیکەی زەردەشتی و ئایینەکانی تری ئێرانی، پاشان گیانێکی نوێی بە زانیارییەکانی بەخشیوە، بۆیە لە هەموو ناوچەکان پێشوازییان لێ کردووە.

فەلسەفەی بیروباوەڕی ئایینی مانی لەسەر بناغەی خێر و شەڕ دارێژراوە، ڕووناکی و تاریکی، هەروەها بڕوابوون بە بەهەشت و دۆزەخ لەسەر بنەمای دۆنای دۆن، کە سەید حەسەن تەقیزادە بەوردی باسی دەکات و دەڵێت(٣٤): مرۆڤ لەپاش مردن دەگەڕێتەوە نیشتمانی ئەسڵی نوورانی ئەگەر تووشی گوناهێکی گەورە نەهاتبێت، کە بۆ دۆزەخی ببات، واتە مرۆڤ کە دەمرێت گیانی (ڕوحی) ئازاد دەبێت بەپێی کار و کردەوەی پێشووی ئەو مرۆڤە ئەو گیانە ڕۆدەچێتە تەنێکی (جەسەد) نوێوە و ژیانێکی نوێ دەبینێت کە ئەم بیروباوەڕە تا ئێستاش لەنێو گرووپ و ئایینە جیاوازەکاندا بوونی هەیە.

دەربارەی بیروباوەڕی مانی بۆ دروستبوونی جیهان (دنیا) کە بریتییە لە (زەوی و ئاسمان و ئەستێرەکان و ئەفراندنی مرۆڤ و... تاد) ئەفسانەی ئاڵۆزن وەک ئەفسانەکانی ئایینە کۆنەکانی تر، بەڵکو هەر هەمان ئەو ئەفسانەن لەگەڵ هەندێک گۆڕانکاری بەپێی گێڕانەوەیان.

هەروەها ئایینی مانی لەسەردەمە جیاوازەکاندا کەوتووەتە ژێر گوشارەوە، بەتایبەتی پاش هاتنی لەشکری عەرەب و ئیسلام، لەو کاتەدا بووەتە ئایینێکی نهێنی و چەندان جۆرە ڕێباز و گرووپی نهێنی لێرەو لەوێ و لەژێر ناو و ناتۆرەی جیاوازدا پەیدابوون، وەک دکتۆر ڕەشاد میران دەڵێت(٣٥): ڕەگوڕیشەی ئایینی عەلەوی بنچینەکەی ڕێبازێکی ئایینیی فەلسەفییە کە لە سەدەی سێیەمی زایینیدا بەناوی (مانیزم) پەیدابوو لە ئەنجامیشدا تووشی شێوان بووە، بەتایبەتی لەژێر کاریگەریی ئیسلامدا.

بەهۆی نهێنیی ئایینی مانی و پێشووتریش میترائی و پاش ئیسلامیش ئەو ڕێباز و ئایینە نهێنییانەی کە هەبوون زۆر تۆمەتیان خستووەتە پاڵیان کە ڕاست نین، تەنیا بۆ ئەوەی لەنێو کۆمەڵدا ناشیرین بکرێن و نەیارانیان زۆربێت.

هەروەک محەمەد ئەمین دەڵێت(٣٦): بە مانییەکان وتراوە زەندیق، چونکە لە کتێبی زەند و کتێبە پیرۆزەکانی دیکە وەریان دەگرت و ڕێبازەکەی خۆیان بۆ بڕوا پێ هێنەرەکانیان باس دەکرد.

**کتێب و ئاسەوارەکانی مانی**

ئەم زانیارییانە لە کتێبی مانی و ئایینەکەی لە نووسینی سەید حەسەن تەقیزادە و وەرگێڕانی (سەعید مەموزینی)یەوە وەرگیراون.

مانی شەش کتێبی گەورەی لێ بەجێ ماوە، کە پێنج دانەی بە زمانی ئارامی ڕۆژهەڵاتی نووسیوە و یەکێکی تریان بە زمانی فارسی.

زیندوویی مانی و ئایینی مانی لەوەدا دەردەکەوێ کە ئەم کتێبانە وەرگێڕراونەتە سەر زمانی ئەو وڵات و ناوچانەی کە ئایینی مانییان وەرگرتووە و پێی قایل بوونە، ئەوەیش بووەتە هۆی ئەوەی بە ئاسانی لە بیروبۆچوونی فەلسەفەی ئایینی مانی تێ بگەن و بەپیرییەوە بچن، بۆیە ئایینی مانی ناوچەگەلێکی بەرفراوانی بڕیوە، هەر لە ڕۆژهەڵاتەوە تا دەگاتە ڕۆژئاوا و لە ئاسیای ناوەڕاستەوە بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکووری ئافریکا.

کتێبەکان بە زمانی یۆنانی، چینی بودایی، قیبتی، پارپی(پەهلەوی ڕەسەن و تورکیی کۆن) دۆزراونەتەوە.

دۆزینەوەی نووسراوەکانی مانی بە زمانی قیبتیی کۆن حەوت کتێبە (٣٥٠٠) سێ هەزار و پێنج سەد لاپەڕەیە کە لە سەدەی (چوارەمی زایینی) نووسراونەتەوە، یەکێکیان بە ناوی (زەبووری تۆماسی) پاش کۆچی دوایی مانی کەوتووەتە بەردەست، تۆماس یەکێک بووە لە شاگردە نزیکەکانی مانی.

لە کتێبەکانیدا جگە لە فەلسەفەی ئایینی و ڕێوڕەسمی ئایینەکە زۆر بواری دیکەی تێدایە کە بەسوود بووە، بۆ نموونە: ئەستێرەناسی و فەلەک، سروشت، فیزیک، جوگرافیا، زانستی ئاژەڵ، مرۆڤ، پزیشکی و نەشتەرگەری.

**کتێبەکان:**

**١- کتێبی شاپوورەکان:**

(کنز الاحیاء) بە زمانی ئارامی، واتە زمانی ڕۆژئاوای ئێران نووسراوەتەوە، بەڕای خەڵکانێک گرێدراوی ئینجیلی مانی بووە، لە سەدەی (سێی زایینی) نووسراوەتەوە، واتە لە سەردەمی دەرکەوتنی مانی، زانایان بڕوایان وایە کە زمان و کتێبی نامەی سریانی ئەو زەمانی ئارامی شاری ئۆرفە بووە، کە بووەتە زمانی مەسیحییەکانی ڕۆژهەڵات و ئۆرفە، زمانی ئارامی زمانی نەتەوەی بابلی بووە.

**٢- کتێبی سەفەر ئەلجەبابرە:**

(کەوان) هەندێک بڕگەی بەزمانی ئێرانی نووسراوە و بە کتێبی (کەوان) ناو دەبرێت، کە واتای (کۆ - جمع) دەبەخشێ و لە ئاوێستاییدا دەستەواژەی (کەوی) واتای (جەبار) ی عەرەبی دەبەخشێ.

**٣- کتێبی کڤالایا:**

مارک بەسەرەتای دەست بەکاربوونی مانیی دەزانێت و بەزمانی ئارامی نووسراوە، مانی تێیدا باسی ئەستێرەکان دەکات کە خودای لە ئەستێرەی هەفتەم داناوە.

**٤- کتێبی قاچ خوار (الفهرست):** ئەوەشیان بە زمانی ئارامی نووسراوەتەوە و بە کتێبی قاچ خوار ناوبراوە.

**٥- ئینجیلی مانی:**

ئەم کتێبە (٢٢) بیست و دوو بەشە بە ژمارە و ڕیزبەند بەرانبەر(٢٢) بیست و دوو پیتی ئارامی، بە وشەی سریانی نووسراوە، بیروونی دەربارەی ئەم ئینجیلەی مانی دەڵێت: سەرانسەری دژی ئینجیلی مەسیحییەکان بووە.

**٦- کتێبی قیپتی مانی:**

پاش کۆچی دوایی مانی دۆزراوەتەوە و تێیدا دیرۆکی کۆچی دوایی مانی دەگێڕێتەوە.

**٧- زەبووری مانی:**

پاش کۆچی دوایی مانی دۆزراوەتەوە، باسی کۆچی دوایی مانی دەکات.

**٨- پەرەکماتیا:**

ناوی کتێبێکی تری مانییە، بە زمانی یۆنانی نووسراوەتەوە (نامەکانی زانستی و ڕێکخراوی مێژووییە).

**٩- انجیل وکنز الاحیاء:**

بەپێی دێرینیی مێژوویی خودی مانی سەرەتا نووسیویەتییەوە، پێدەچێت ئەم کتێبە لەگەڵ کتێبی شاپوورەکان یەک بن.

**١٠- کتێبی ئەحادیس:**

قسەکانی مانیی تێدایە و لەلایەن شاگردان و لایەنگرانییەوە نووسراونەتەوە.

**١١- زەبوورەکان:**

کتێبی سروود و نزا بووە کە لە کۆڕوکۆبوونەوە ئایینییەکانی سەرەتای مانەویدا (واتە: کڵێسەکانی مانەوی) باو بووە.

هەروەها کتێبی قراقماتیا، سفر الاسرار، سفر الجبابرە، ڕازان، پاشان نووسراونەتەوە.

١٢- ناوی هەندێک کتێبی کۆنی دیکە دەبینرێت کە ناتوانرێت بە دڵنیاییەوە بووترێت کە کتێبی مانین، وەک: کتێبی (الجبلە) کە مەسعوودی لەکتێبی (التنبیە والاشراف)دا ناوی هێناوە.

کتێبی (الهدی والتدبیر) کە یەعقووبی بەهی مانیی دەزانێت، کتێبی (صبح الیقین والتأسیس) کە بیروونی لەنووسینەکانی خۆی لە پێرستی کتێبی (محمد بن زکریا الرازی) ناوی دەبات.

١٣- مانی سەرەڕای کتێبەکان کۆمەڵە نامەیەکی نووسیوە کە (٧٦) هەفتا و شەش نامەن بۆ هەواداران و لایەنگرانی خۆی کە لەناو نامەکاندا ناویان دەبات و بەسریانی نووسراون و بەچەشنی کتێب بە ناوی (دیبهان - دیوان) بڵاوکراونەتەوە.

١٤- مانی سەرەڕای ئەوەی خوێندەوار بووە، خەتێکی خۆشی بووە و نەقاشباشی و دەست ڕەنگین بووە، بۆیە هۆشیاری دەداتە لایەنگرانی و بایەخ بە خۆشخەتی و خۆش خوانی دەدات.

سەرەڕای ئەوەش وێنەکێشێکی بلیمەت بووە، دەست ڕەنگین بووە و لە نووسینەکانیدا وێنەی جۆراوجۆری کێشاوە، لە ئاسەوارە بەجێماوەکاندا پاشماوەی ئەو وێنانە دەردەکەون بە شێوەی کتێبێکی وێنەکێشکراو بە زمانی فارسی پێی دەڵێن ئەردەهەنگ (ئیقون، ئەیقوون) کە ژمارەیەکی وێنەی خودی مانی خۆیەتی.

لە سەرەنجامی پیرۆزی یارسان دەربارەی سەلیقەی مانی هاتووە: (مانی وەسەنعەت سەلیقەی مانی).

١٥- کتێبی ئەرژەنگ: زانیاریی زۆر لەبارەی ئەم کتێبەوە، یان دەربارەی ناوەڕۆکەکەی نییە، بەڵام کتێبێکە (مانی) بە خۆی نووسیوبەتی.

## ڕێوڕەسمی ئایینی مانی

**١- نوێژ:**

سەید حەسەن تەقیزادە دەڵێت(٣٧): نوێژ لەلای مانییەکان لە ڕۆژێکدا چوارنوێژ بوون (نیوەڕۆژ، عەسران، خۆراوابوون، شامکەران- عیشا) لە هەر نوێژێکدا دوازدە سوجدەی تێدا بووە و ڕووەو خۆر -هۆر - ڕۆژ دەوەستان، عەبدولڕەحیم ماردینی پشتگیریی ئەو بۆچوونەی تەقیزادە دەکات و دەڵێت(٣٨): لەشەو و ڕۆژێکدا چوارنوێژ هەبووە، هەروەها تەقیزادە دەڵێت(٣٩): پێش نوێژ بەئاوی ڕەوان جەستەی خۆیان دەسڕی و لەکاتی تایبەتیش بەزیخ، هەروەها دەڵێت: دوایەمین ڕۆژی جەژنی ڕەمەزانی مانەوییەکان جەژنی بیما بووە، واتە: (بیما = جاویدان = نەمر).

**٢- ڕۆژووگرتن**

سەید حەسەن تەقیزادە دەڵێت (٤٠): لەیەک مانگدا حەوت ڕۆژ بەڕۆژوو دەبوون، گرنگترین ڕۆژیان ڕۆژی یەک شەممە بووە، محەمەد ئەمین پشتگیری وتەکەی تەقیزادە دەکات و دەڵێت (٤١): مانی لە مانگێکدا حەوت ڕۆژ ڕۆژووی داناوە، هەروەها دەڵێت (٤٢): ڕۆژی دووشەممە ڕۆژی پیرۆزی (هەڵبژێرراوان) بووە کە ڕۆژیان هەبووە و حەوت نوێژیان لە شەو و ڕۆژێکدا کردووە.

کەریم زەند دەڵێت (٤٣): ئەگەر بمانەوێت لە ڕەوشتی مانی بزانین دەبێ نووسراوی خواست و نیفت (نوێژی دانپێدان)بخوێنینەوە.

بەپێی بۆچوونی کەریم زەند دەبێ ئەو نوێژە هی دانپێدانانی مرۆڤەکان بێت ئەگەر تووشی گوناح بووبن و خەتای گەورەیان کردبێت، ئەوەش لەدانپێدانانی مەسیحییەکان دەچێت لە کڵێسادا بەرانبەر بە پیاوە ئایینییەکان، هەندێک ڕۆژووی تر دەگرن کە پێی دەڵێن (بیمکی) کە لە یەکەم و دووەمی مانگ، یان لە (٨ و ٩) ی شوبات هەروا لە (٢٦و٢٧) ی هەمان مانگ دەیگرن.

## هاوسەرگیری

هەرچەندە تۆمەتی ئەوە خراوەتە پاڵ مانی گوایە وتوویەتی هاوسەرگیریکردن حەرامە و ویستوویەتی کۆتایی بە جیهان بێنێ کە ئەمەش ڕاست نییە، تەنیا ئەوانەی دەچنە قووڵایی ئایینەوە لە ڕێبازی تەسەوفدا دنیا لەخۆیان حەرام دەکەن و ئارەزووەکانی دەروون دەکوژن تا گیانیان (ڕوح) خاوێن بێتەوە و لەخواوەند نزیک ببنەوە کە ئامانجیانە، لەم بارەیەوە محەمەد ئەمین دەڵێت(٤٤): مانی ژن و ژنخوازیی حەرام کردووە بۆ ئەوەی دنیا کۆتایی پێ بێت، ئەگەر مانی کۆتایی بەدنیا بهێنێت ئیتر دینداری بۆکێ دەکات ؟

لەلایەکی دیکەشەوە سدیق دەمەلۆجی دەڵێت(٤٥): ئێزدییەکان مانەوین، مانی بانگەشەی ژیانی ئاسایی کردووە و دوور کەوتنەوە لەخۆڕازاندنەوە و گەڕان بەدوای

ئارەزووەکانی دەروون و خۆشی، کەچی سەید حەسەن تەقیزادە دەڵێت (٤٦): بۆ هاوسەرگیری سێ مارەییان هەبووە، بەڵام زۆر بایەخ بەم ئەرکە نادەن، چینی سەماعین دەتوانن بەشێوەی کاتی، یان هەمیشەیی هاوسەرگیری بکەن و ببنە خاوەن ژن و منداڵ، بەڵام سەدیقین بێ بەش کراون.

## حەرام و حەڵاڵ

هەڵبەتە لە هەر ئایینێکدا ڕێوڕەسم و دەستووری تایبەت بەخۆی هەیە کە لایەنگرانی دەبێت پەیڕەوی بکەن، ئەگەر نا بەلادان و تاوان حسێب دەکرێت، ئایینی مانی یەکێکە لەو ئایینانە کە دەستووری تایبەتی هەبووە بۆ مانییەکان بەپێی حەڵاڵ و حەرام لەژیاندا و بەپێی چینەکانی لایەنگرانی ئایینی، مانی هەندێک شتی لە چینی (گوێگران - سماعین) حەرام کردوون کە ئەم چینە گشتگیرین وەک سەید حەسەن تەقیزادە دەڵێت(٤٧): بت پەرستی، درۆکردن، ڕەزیلی-قرچۆکی -، کوشتن و کوشتنەوە بەگشتی، داوێن پیسی، دزی، فرتوفێڵ و قۆڵبڕین، گومان کردن لە ئایین، شەراب خواردن و مەستکەرەکان.

کەچی محەمەد ئەمین دەڵێت(٤٨): مانی قوربانیکردنی حەرام کردووە، هەروەها تەعمید کردن و خۆڕازاندنەوە و خۆشیی ژیان، مانی لەسەر ئایینی میترائی بنچینەی ئایینەکەی دانابێ، نابێ قوربانی کردن حەرام بکات، تەنانەت لە ئایینی زەردەشتییەکانیشدا قوربانی بوونی هەبووە، بەڵام لە بەرانبەردا دەتوانن: ببنە خاوەن ماڵ و موڵک، کاری کشتوکاڵ، پیشەسازی و بازرگانی، هاوسەرگیری بکەن و ببنە خاوەن منداڵ، دەتوانن گۆشت بخۆن، بەڵام خۆیان ئاژەڵ سەرنەبڕن.

بەڵام چینی (سەد یەقین) لە هەموو ئەوانە بێ بەش کراون (چینی بەرزترن) تەنیا یەک جار لەڕۆژێکدا نان دەخۆن، لە ساڵێکدا یەکجار جلوبەرگ دەکڕن، ڕۆژووگرتنیان زۆر سەختە.

## ئەرکەکانی تر

هەندێک ئەرکی تر لەگەڵ ئەوانی پێشوو بۆ لایەنگرانی مانی دانراون وەک محەمەد ئەمین دەڵێت(٤٩): پیرۆز ڕاگرتنی ئاگر، ژیانی سادەیی بەسەربردن، قبوولکردنی پەیامبەران، دانان بەڕۆژی جەژنی بیما، ڕێزگرتن لە مۆسیقا، بەتایبەت لە بۆنە ئایینییەکاندا، گرنگیدان بە خۆشخەتی و جوان نووسین، بایەخدان بە شیعر و هۆنراوە.

مانییەکان بڕوایان وایە کە مردنی مانی هاوشێوەی مردنی یەسووعی مەسیح بووە، زیندوویی ڕاگرتنی ئەو شەوە بە ئەرکێکی ئایینی دەزانن، کە لە مانگی ئازار و بە جەژنی بیمای دەزانن، واتە جەژنی نەمر، یان جاوید کە لە ساڵی ٢٧٦ی زایینی ڕووی داوە، مانی شەست ساڵ و ٣١٩ ڕۆژ تەمەنی کردووە.

## خاڵە هاوبەشەکانی ئایینی میترائیزم و ئایینی مانی

١- لە کاتی نوێژکردندا میترائییەکان بەپاڕانەوە ڕوویان لەهۆر(خۆر، ڕۆژ) دەکرد و دەستیان هەڵدەبڕی بۆ ئاسمان، چونکە خۆر لە ئاسماندایە.

مانییەکان لەکاتی نوێژکردن ڕوو لەخۆر دەوەستان.

٢- پیرۆزڕاگرتنی ئاگر لە ئایینی میترائیدا بۆ ئەو مەشخەڵە دەگەڕێتەوە، بەدیتنی میترابوو لەکاتی دەرکەوتنی بۆ دنیا.

مانی پیرۆزیی ئاگری لەنێو ئایینەکەیدا ڕاگرتووە و ئاگر لە کۆبوونەوە ئایینییەکاندا بەکارهێنراوە.

٣- مۆسیقا لە ئایینی میترائیدا ڕۆڵێکی پیرۆزی لەکاتی خوێندنەوەی سروودە ئایینییەکاندا هەبووە، بەتایبەت لە میهرابە و موهرەگانەکان و لەکاتی کۆبوونەوەکاندا.

لەئایینی مانیشدا لە کۆبوونەوە ئایینییەکاندا گرنگی بە مۆسیقا دراوە.

٤- ئایینی میترائی باوەڕی بە نەمریی گیان(ڕوح) هەیە واتە تەنیا لاشەی مرۆڤ دەمرێت و گیان دەچێتە ژیانێکی نوێوە و لەدایکبوونێکی تازەوە.

لە ئایینی مانیشدا هەرهەمان بڕوا هەبووە کە دەڵێن مرۆڤ دوای مردن دەگەڕێتەوە نیشتمانی ئەسڵی نوورانیی خۆی، ئەم بۆچوونە لە هەردوو ئایینەکە مانای لێبوونەوەی ژیانە (دۆنای دۆن).

٥- لە ئایینی میترائیدا قوربانی کردن ئەرکێکی ئایینی پیرۆزە کە لەمیهرابە بەکۆ ئەنجام دەدرێت، دەڵێن مانی قوربانیی حەرام کرووە، بەڵام چینی گوێگران- سماعین- خواردن ئامادە دەکەن بۆ هەڵبژێرراوان و بەڕێزەوە پێشکەشیان دەکەن، ئەوانیش پاش پاک بوونەوە لەگوناح دابەشی دەکەنەوە، ئەمەش مەراسیمی

جۆرێک لە قوربانییە.

٦- ژمارەی حەوت لە ئایینی میترائیدا پیرۆزیی تایبەتی هەیە وەک: هەفت میوەی پیرۆز لە جەژنی نەورۆز، حەوت ئەستێرەکانی پلانت خواوەندەکانی ئاسمانی پیرۆز.

هەروا لە ئایینی مانیشدا ژمارەی حەوت پیرۆزە وەک: هەفت هێزی ئەفرێنەر، یان هەفت ئەستێرە (هەفت خواوەند و پەیدابوونیان لەخوای گەورەوە) هەروا ڕۆژانی هەفتە کراوە بەهەفت ڕۆژ کە بەرانبەر هەفت ئەستێرەیە و هەفت زەوی.

٧- جەژنی میهرەگان (میترائییەکان) لە ڕۆژێکی پاییز دەیکەن و بە جەژنێکی گەورە دەژمێررێت کە لەکاتی نهێنیدا لەژێر چەندان جۆرە ناودا ئەنجام دەدرا، جەژنی نەورۆزیش پیرۆزە کە بەپێی وەسفی میترا ڕۆژ درێژ دەبێتەوە.

جەژنی بیما لەلای مانییەکان بۆ یادی کۆچکردنی مانی لەمانگی ئازار ئەنجام دەدرا کە ڕۆژی بیما زەوی پڕ لە گوڵوگوڵزار دەبێ و زستان کۆتایی دێت.

٨- ناوچەکانی بڵاوبوونەوەی ئایینی میترائی و ئایینی مانی هەمان ناوچەگەلن، لەناوبردنی هەردوو ئایینەکە پاش دەرکەوتنی مەسیحییەت ئەوروپا، پاش (٥٠٠) پێنج سەد ساڵ لەلایەن سەرکردەی ڕۆم(کۆستەنتین) و ئەوانی لەپاش ئەویش هاتوون هەر هەمان شتە کە سەرچاوەکان باسیان دەکەن، واتە: هەردوو ئایینەکە هەمان شتە.

٩- هەردوو ئایینەکە باوەڕیان بە بەهەشت و دۆزەخ هەیە، بەپێی فەلسەفەی خۆیان کە دەڵێن: مرۆڤ پاش مردن گیان(ڕوح) ئازاد دەبێت و لەکاتی لەدایکبوونی نوێ دەچێتە ژیانێکی نوێوە، هەروەک چۆن مانی دەڵێت: مرۆڤ دوای مردنی بۆ نیشتمانە ئەسڵییەکەی نوورانیی دەگەڕێتەوە، ئەگەر تووشی گوناهێکی گەورە نەهاتبێت کە بۆ دۆزەخی ببات.

١٠- لە هەر بارودۆخێکی نالەباردا میترائییەکان چوونەتە ژێر باری نهێنییەوە (سرمەگو، یان سەربدە و سرمەدە)، واتە نهێنی مەدرکێنە، پەیڕەوانی میترائییەکان پەنایان بردووەتە بەر ئەشکەوتەکانی چیا سەختەکان و خۆیان و ئایینەکەیان پاراستووە.

هەروەها مانییەکانیش هەمان شێوە وەک میترائییەکان لە بارودۆخێکی نالەباردا پەنایان بردووەتە سەرباری نهێنی، بەتایبەت پاش لەشکرکێشیی عەرەب و ئیسلام وەک دکتۆر ڕەشاد میران دەڵێت: ئایینی عەلەوی ڕێبازێکی ئایینی فەلسەفییە کە لەسەدەی سێیەمدا بەناوی (مانیزم) پەیدا بووە، لەئەنجامدا واتووشی شێوان بووە، بەتایبەت لەژێر کاریگەریی ئیسلام و لەژێر گوشاری مەزدائیزم بۆ بزووتنەوەیەکی ئایینی نهێنی گۆڕاوە.

١١- پەیدابوونی میترا بە موعجیزە لەنێوان دوو تاشە بەرد لەنێو ئەشکەوتێکی ڕووناکەوە هاتە پەیدابوون و ئایینی میترائی (میهر پەرەستی) پەیدابوو.

کەچی مانی لە تەمەنی ١٢ساڵی و ٢٤ ساڵیدا لەلایەن فریشتەیەکەوە بەناوی (تەویم) سرووشی بۆ هاتووە کە پێی ڕاگەیاندووە خۆی بۆ بڵاوکردنەوەی دەستووری خودا ئامادە بکات.

١٢- ئایینی مەزدائیزم (زەردەشت) لەناخی ئایینی میترائیزمەوە هاتووەتە دەر و پەرەی سەندووە، چونکە زەردەشت نەیتوانیوە ئایینەکەی بە تەواوەتی داپچڕێنێت، هاوەڵانی زەردەشت ناوی میترا و هەردوو خێزانەکەیان هێناوەتە ناو ئایینەکەیەوە، وێڕای هەندێک گۆڕانکاری لەڕێوڕەسم و دەستووری میترائی.

ئایینی مانی وەک جەمال نەبەز دەڵێت: لەسەر بنچینەی میترائیزم و مەزدائیزم (زەردەشتی) دامەزراوە، واتە هەر درێژەپێدەری میترائیزمە، بەتایبەت کە مانی لەخێزانێکی ئەشکانی پەروەردە بووە، کە ئایینی فەرمییان میترائی بووە.

١٣- هەمیشە لەلایەن نەیاران تۆمەتی جۆراوجۆر دەخرێتە پاڵ مانی کە ڕاست نین، تەنیا بۆ ئەوەی قێزەونیان بکەن، بۆ نموونە گوتوویانە مانی ژن و ژنخوازیی حەرام کردووە بۆ ئەوەی دنیا کۆتایی پێ بێت، کەچی لە ئایینی مانیدا هاوسەرگیری کراوە و سێ جۆرە مارەبڕینیان هەبووە، تەنیا چینی (باوەڕپێکراوان - صدیقین) لە هاوسەرگیری بێ بەش کراون.

هەڵبەتە لە ئایینی میترائی هاوسەرگیری پەیڕەوکراوە، بەڵام ئەو پیاوە ئایینییانەی دەچنە قووڵایی بیروباوەڕەوە، واتە(دەروێشی، یان سۆفیەتی) دەست لەدنیا هەڵدەگرن و دەچنە دنیای ڕەبەنی و هەژاری و ئازاردانی گیان و کوشتنی دەروون تا گیان(ڕوح) پاک ببێتەوە و لەیەزدان نزیک بێتەوە، هەر بۆیە مانیش وتوویەتی دوورکەوتنەوە لەخۆڕازاندنەوە و ئارەزووەکانی دەروون و ژیانی ئاسایی

پەیڕەو بکەن و فیز و لەخۆبایی بوون پەیڕەو مەکەن.

١٤ - بەهەمـوو ئەو ئایینانەی پێش ئیسـلام وتراوە (زەندیق)، واتە ئەو ئایینانە کتێبی زەند ئاوێستا پەیڕەو دەکەن و لەلای عـەرەبەکـان بەواتای خـوانەناس دانراوە، بەڵام سەرەڕای ئەوە ئـایینی مـانی پڕە لە خـوو و ڕەوشـتی بەرز کە مـانی زۆر شتی لە مـانییـەکـان حەرام کـردووە، لەوانەی کە زیان دەگەیەننە کۆمەڵگەو بەدڕەوشتی پیشان دەدەن وەک: بتـپـەرەسـتی، درۆکـردن، ڕەزیلی، دزی، فرتوفێڵ و جـادوو، داوێن پیسی، کوشتن و خـوێنڕشتن، شەراب و مادە هۆشبەرەکان...تاد.

هەڵبەتە ئایینی میـترائیزم کە بنچینەی ئایینی مـانی بێت هەمـــان ڕەوشت بەرزیی تێــــدا دەبینـرێت و لەخراپەکاری بەدوور دەبن.


**پەراوێزو سەرچاوەکان:**

**١- دکتۆر جەمال نەبەز، فەلسەفە و ڕامانی یارسان، لاپەڕە ٣٠، ٢٠٠٩ی زایینی هەولێر.**

**٢- سـیـد حـسن تەقـیـزادە، مـانی و مـانیـزم، لاپەڕە ١٢، وەرگێڕانی لەفارسییەوە: سەعید مەموزینی، چاپخانەی منارە، (٢٠٠٥)ی زایینی، هەولێر.**

**٣- گۆڤاری مێرگ، ژمارە ٥٢، لاپەڕە ٨.**

**٤- سەعید حەسەن تەقیزادە، مانی و مانیزم، لاپەڕە ١٢.**

**٥- ادیان الفرس الکبری، لاپەڕە ٤٢.**

**٦- سەعید حەسەن تەقیزادە، مانی و مانیزم، لاپەڕە ١٢، و. سعید مەموزینی، ٢٠٠٠ی زایینی.**

**٧- گۆڤاری مێرگ، ژمارە٥٢، لاپەڕە ٨، ٢٠٠٩**

**٨- محمد امین، تاریخ فجر الاسلام، لاپەڕە ١٠٨، الطبعة الخامسة ١٩٤٥، القاهرة.**

**٩- سەید حەسەن تەقیزادە، مانی و مانیزم، لاپەڕە ١٣.**

**١٠- عبدالرحیم ماردیني، موسوعة الادیان الحیة في العالم، لاپەڕە ١٧٤، دمشق، ٢٠٠٨ ی زایینی.**

**١١- محمد امین، فجر الاسلام، لاپەڕە ١٥٠.**

**١٢- سەید حەسەن تەقیزادە، مانی و مانیزم، لاپەڕە ١٤.**

**١٣- کریم زەند، الادیان والمعتقدات في کوردستان، ١٩٧١.**

**١٤- سەعید حەسەن تەقیزادە، مانی و مانیزم، لاپەڕە ٢٤.**

**١٥- هەمان سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە ١٤.**

**١٦- هەمان سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە ١٥.**

**١٧- هەمان سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە ١٦.**

**١٨- محمد امین، فجر الاسلام، لاپەڕە ١٠٨.**

**١٩- جیمس بنگهام، رحلتي الی العراق، لاپەڕە ٦٨، ترجمة سلیم طه التکریتي، ساڵی ١٩٦٨ی زایینی.**

**٢٠- سەعید حەسەن تەقیزادە، مانی و مانیزم، لاپەڕە ١٤.**

**٢١- د. ڕشاد میوان، ڕەوشتی ئایینی و نەتەوەیی لە کوردستان لاپەڕە ٢٠٦، ٢٠٠٠ی زایینی، چاپی دووەم، هەولێر.**

**٢٢- سەید حەسەن تەقیزادە، مانی و مانیزم، لاپەڕە ١٧.**

**٢٣- محمد امین، تاریخ فجر الاسلام، لاپەڕە ١٠٨.**

**٢٤- د. ڕشاد میران، هەمان سەرچاوەی سەرەوە پ٢٠٦.**

**٢٥- محمد امین، تاریخ فجر الاسلام،لاپەڕە ١٠٨.**

**٢٦- ولیم لانجر، موسوعة تاریخ العالم، جزء١، صفحة٣٤٤.**

**٢٧- ئەیووب ڕۆسـتـەم، یارسـان، لاپەڕە ٣٣، چاپی دووەم، ٢٠٠٦ی زایینی.**

**٢٨- تۆفیق وەهبی بەگ، پاشماوەی ئایینی میـترائی لەهاترا، لاپەڕە ٣٦، وەرگێڕانی شێخ بورهان بەرزنجی، ٢٠١٠ هەولێر.**

**٢٩- سەید حەسەن تەقیزادە، مانی و مانیزم، لاپەڕە ٢١.**

**٣٠- ف ئیـڤانۆڤ، پەیڕەوانی ڕاستی، وەرگێـڕانی ئاسۆ کریم، هۆڵەندا، ١٩٥٣ی زایینی لە هەولێـر، سـاڵی ٢٠٠٣ی زایینی لاپەڕە ٢٣.**

**٣١- سەید حەسەن تەقیزادە، مانی و مانیزم، لاپەڕە ٢٤.**

**٣٢- جەمال نەبەز، فەلسەفەو ڕامانی یارسان، لاپەڕە ٣٠.**

**٣٣- حەسەن تەقیزادە، مانی و مانیزم، لاپەڕە ٣٢ و٣٣.**

**٣٤- هەمان سەرچاوە، لاپەڕە ٥١.**

**٣٥- د. ڕەشـــاد مـــیـــران، ڕەوشی ئایینی و نەتەوەیی لە کوردستان، لاپەڕە ٢٠٦.**

**٣٦- محمد امین، تاریخ فجر الاسلام، لاپەڕە ١٠٨.**

**٣٧- سەید حەسەن تەقیزادە، مانی و مانیزم، لاپەڕە ٥٣.**

**٣٨- عبدالرحیم ماردینی، موسوعة الادیان الحیة في العالم، لاپەڕە ١٧٤.**

**٣٩- سەید حەسەن تەقیزادە، مانی و مانیزم، لاپەڕە ٥٣.**

**٤٠- هەمان سەرچاوەی سەرەوە پ٥٣.**

**٤١- محمد ئەمین، تاریخ فجر الاسلام، لاپەڕە ١٠٤.**

**٤٢- سەید حەسەن تەقیزادە، مانی و مانیزم، پ٥٣.**

**٤٣- کریم زەند، الادیان والمعتقدات في کوردستان، صفحة ٥٥.**

**٤٤- محمد ئەمین، تاریخ فجر الاسلام، پ١٠٤.**

**٤٥- صدیق الدملوجي، الیزیدیة، صفحة ١٥٢.**

**٤٦- سەید حەسەن تەقیزادە، مانی و مانیزم لاپەڕە ٥٣.**

**٤٧- هەمان سەرچاوەی سەرەوە، لاپەڕە ٥٣.**

**٤٨- محمد ئەمین، تاریخ فجر الاسلام، صفحة ١٠٤.**

**٤٩- هەمان سەرچاوەی سەرەوە، لاپەڕە ١٢١.**